دیل کارنگی

هونەری ووتاربێژی

42556

وەرگێڕانی : حسین نجم الدین

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەناوی خوای گەورە

پێناسی کتێب

ناوی کتێب : هونەری وتاربێژی

نوسینی :دیل کارنگی

وەرگێڕانی : حسەین نەجمەدین

پێداچونەوەی: کامیل محەمەد

تایپ : مامۆستا عوسمان

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٦

شوێنی چاپ : چوارچرا

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نرخی: ٤٥٠٠ دینارە

ژمارەی سپاردن (٦٧٤) سالّی (٢٠٠٦)

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی . . .

دیل کارنگییەکەمین خولی وتنەوەی وتاربێژی لە ساڵی ١٩١٢ لە قوتابخانەی YMCA لە شەقامی بیست و پێنجەمی نیویۆرکدا دەست پێکرد. لەو ڕۆژانەدا هەموو وا بیریان دەکردەوە بون بە بێژەری چاك، یەك جۆر هونەرە. وهیچ کەسیش بەبایەخەوە سەیری ئەم جۆرە هونەرەی پربایەخەی نەدەکرد. ئەگەر کەسێکیش بیویستایە هونەری ڕەوان بڵێتەوە زیاتر بەگەرووی ئاڵتونی و دەنگە ئاسمانییەکان تێ ڕائەمان. خەڵکی سادەو پیشەگەر و بازرگان و کارمەندان دڵیان نەدەهات پارە و کاتیشیان خەرجی میکانیزمی گۆڕین و دەرکردن یا دروستکردنی دەنگ و یاسای زمانناسی و فێربونی زمانەوانی کڵێشەدار بکەن. ئەوان تەنها ئەیان ویست فێربن کە لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی خۆیاندا چۆنیەتی بە باوەڕبون بە خۆو ئارامانە قسە بکەن. پۆلەکانی دیل کارنگی بێ دابڕان پاش دەست بەکاربون سەرکەوتنی گەورەی دەستەبەر کرد لە بەر ئەوەی بە ویستی ئەوان وانەی. هەڵس و کەوتی دیل بەقسە کردن و وتار لە نێو کۆمەڵدا، هەڵس و کەوت بە هونەرێ کە ئامادەو توانای تایبەتی بویستایە نەبوو، بەڵکو بەشێوەی بلیمەتێیەك سەیر دەکرا کە هەر مرۆڤێکی هۆشمەند بەو شێوەیەی خوازیاری بوو ئەی توانی بە دەستی بهێنێ.

ئەمڕۆ وانەکانی دیل کارنگی لە سەرتاسەری جیهاندا پێك دەهێنرێ و نرخ و بایەخ و بیردۆزەکانی هەزاران ژن و پیاو لە کۆمەڵەی جیاوازو

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پیشه کارانی جۆراوجۆر دا کراوەتە ئەزمونێك. ئەوان ئەزانن کە بەسوود وەرگرتن لە شێوەکانی ئەو توانیویانە بە شێوەیەکی کاریگەر چۆنیەتی دەربڕینی خۆیان چاك بکەنەوە و بە سەر ئەوانی تردا کاریگەری سەرسامی هەبێ.

کتێبی هونەری وتار وونژی کە دیل کارنگی سەرەتا بۆ وتنەوەی لە پۆلەکانیدا نووسی. پتر لە پەنجا جار چاپ کراوە و بۆ زمانە جیاوازەکانی دنیا وەرگێڕراوە ئەو هەر کاتێك بیویستایە کتێبەکەی سەرلەنوێ چاپ بکاتەوە،جارێکی تر پێیدا دەچووەوە. تا فێربون و ئەزمونی نوێ تێدا پیشان بدا. ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم کتێبەیان ئەخوێندەوە هەموو ساڵێك زیاتر لەو کەسانە بون کە لە خولەکانی هاوشێوەیدا لە گەورەترین زانکۆ دا ناونووس ئەکران.

ئەم کتێبەم دیسانەوە لەسەر بنەمای بیردۆزیەکانی و دیدگای میردەکەم ئامادەکرد ناونیشانی کتێبەکە هەمان ناونیشانە کە ئەو لەپێش مردنیدا بۆی هەڵبژارد بوو. لەپێداچونەوەی نوێی کتێبەکەدا هەوڵم دا فەلسەفەی بنەڕەتی ئەو کە ئەی وت " قسەکردن شتێك زیاتر لەدەربڕینی چەند بڕگەو ووشەیەکە " بەردەوام لەبیرمە. ئەو پێ ی وابوو مرۆڤ لەڕێ ی قسەکردنەوە، کەسایەتی خۆی نمایش ئەکا هەموو کردارەکانی ئێمە لەژیاندا جۆرێکن لەپەیوەندی، بەڵام تەنها لەڕێ ی قسەکردنەوە یە کەمرۆڤ بە شێوەی تایبەتی بە پەیوەندی کردن دەستی دەکەوێ وە لەگیاندارەکانی تردا جیاوازە. تەنها قسەکردنیشە کەبەجوانی دەربڕین ئاراستە ئەکرێ و لەڕێگای هەماں تواناییە وەبە کەئەتوانێ بە باشترین شێوە جەوهەری بونی خۆی

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەرەو پێش ببات کاتێك مرۆڤ چ بەهۆی تورەبون چ بەهۆی کەم ڕویی و چ ڕا ڕای لەبیردا نەتوانێ مەبەستی خۆی بەڕونی ئاشکرا بکا کەسایەتیش بە نەناسراوی و گەندەڵ و پڕ لە لێك نەگەیشتن هەڵ ئەسەنگێنرێ. ڕازی بون لەکار، کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تا ئەندازەیەکی زۆر بەندە بەتوانای تاك بۆچەیداکردنی پەیوەندی ڕون ئاشکرا لەگەڵ هاوکاران و هاوڵاتیاندا، ئالەم ڕێگایەوە بتوانێ ئارەزوەکان و باوەڕی خۆی پیشان بدات، لەمرۆژانەدا نا هەمواری و ترس و نا ئارامی تەواوی باڵی جیهاندا بەسەر کێشاوە. ئێمە زیاتر لە هەمو کاتێ پێویستیمان بەڕێگای گونجاوە بۆ پەیوەندی کردن، هیوادارم کتێبی هونەری وتار وونژی بتوانێ بەوکەسانەی کە کەو تونەتە شیوێن ڕەوانبێژی و باوەڕ بەخۆبون یارمەتی دەریان بێ وە هەروەها بەوکەسانەی کە تامەزرۆی کەسایەتی خۆیان بەباشترین شێوە پیشانبدەن و کاریگەری کەسی قوڵتری بەسەر کەسانی هەبێ، وەیارمەتی دەریشیان بێ.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library